# له یادی پایزه ژوانێك



سەرهەنگ حەمەساڵح

لەگەڵ ورشەی دارەکاندا
پێ دەنێمە ساڵیادی
پایزە خەزانێك...
بێ سوودە ئاوزینگی
فرمێسکە بێ نازەکانم
تازە ڕۆیشت
چیدی ڕووی ناسکی گەڵاکان
بە ئاسۆی بەیانێکی تر
پێناکەنن...
کە شەو داهات
چرایەك بۆ هیواکانم
هەڵدەکەم
گۆرانیەکی نامۆ

بۆ ئازارەکانی ئەم شەوە

دەچڕم...
دێم دەستي زەردی خەیاڵ دەگرم
بۆ نێو بەهارێکی دیکەی دەبەم
وەلێ چەند ئەستەمە
لەم شەوەدا
لەنێو سۆزی پێکەکاندا
دەست لە بەرۆکی گریان
هەڵگرم...
بۆنی پرچی گوڵێك بکەم
تەمەنم نۆژەن بێتەوە..
دەلال..خۆ من پیرە دارێکی
پایز نەبووم
بەسمکی ترپەی لەنجەکەت
بیرەوەریەکی تاڵم لێ هەڵکەنی
ئەی نازانی
لە پایزە عومرێکی تر..دەوەرێ
دڵ ژوانێکی دیکەی..دەوێ.!

Xamosh_serheng@tahoo.com